# گرگن شانۆکان چۆڵن خەڵاتی چی وەردەگری

**نیهاد جامی**
**تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك**



ئەگەر لەسەر چەمکی خەڵات بووەستین دەبینین خەڵات وەك ئاماژەیەك  بۆ ستایشکردن لەڕۆڵ و ماندووبوونی داهێنەرێك دەبەخشرێت، لێرەدا خەڵات دەلالەتی ڕێزلێنانە لە داهێنەر، داهێنەر بەرەنجامی خەون و خولیا و پرۆژە هونەریەکانی ڕێزی لێ دەگیرێت، کێ بێت حەز بەوە نەکات داهێنەران خەڵات نەکرێن، بەڵام ئەوەی بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ پێی هەڵساوە بە پێی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەی جەماوەر لە ژمارە (223) گوایە بەڕێوبەرایەتی ناوبراو کۆمەڵە شانۆکار و خەڵکانێکی دوور لە شانۆی خەڵات کردووە، من کە نازانم خەڵات کراوەکان کێن، بەڵام ئەوەی لەقسەی هونەرمەندانی ناو ڕیپۆرتاژەکە تێی گەیشتم، گوایە خەڵکانی دوور لە شانۆی تیایە، تا دەگات بە وەرگێر و تەنانەت وەزیری رۆشنبیریش. لێرەدا دەپرسین: خەڵات بە چ مانایەك؟ ڕێز لەچی ئەو کەسانە نراوە؟  کامەیە بەرهەمەکانیان تاوەکو ستایشی ماندوو بوونیان بکرێت، هەمیشە ڕابردوو لەناو زەمەنی هەنووکەییمان ئیش دەکات، هەر بۆیە ڕێزلێنان پەیوەندی بە شانۆکاری داهێنەرەوە نیە، هێندەی پەیوەستە بە کۆمەڵە ناوێك "تۆ کە بە ڕێکەوت تێکستێکی شانۆت وەرگێڕاوە بەکوردیەکی شڕ و بە کۆمەڵێك هەڵەی زمانەوە، خەڵاتی تەمبەڵی و نەخوێندەواریت وەردەگریت، تۆ براوەیت چونکە تۆ نەبای ئەو شاکارانە نەدەکرانە کوردی، تکایە ناوی دوو لە شاکارەکانت چین؟ ئەی خەڵات و ڕێزلێنای چی؟" ئاخۆ ئەو پێوەرە چیە کۆمەڵە ناوێك ڕێزیان لێ دەگیرێت و شانۆکارە جدیەکان فەرامۆش دەکرێن، ئایا کامە پرۆژەیە ئەو ناوانەی لەسەر خەڵات کراوە. بەڕێوبەری هونەری شانۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وەزیری رۆشنبیری کەسێکی خەمخۆری شانۆیە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، دیارە ئەگەر مەسەلە خەمخۆری بێت بۆ شانۆ، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ وەزیری رۆشنبیپری و بەڕێوبەری هونەری شانۆ، بەڵام شانۆکارێکی وەکو من سەدان جار لە وەزیری رۆشنبیری موستەحەق ترم کە ڕێزم لێ بگیرێت، لەماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا دەیان لێکۆڵینەوە و ووتار و ڕەخنەم لە بواری شانۆدا نووسیووە کە هیچ کەسێك ناتوانێ نکوڵی لێبکات، لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا وەکو دەرهێنەر (10) شانۆگەریم دەرهێناوە، ساڵی 1995 کاتێ وەزارەتی رۆشنبیری یەکەم ڤیستڤاڵی شانۆیی سازکرد بە شانۆگەری (لەماڵێکدا) خەڵاتی باشترین دەرهێنەرم وەرگرتووە، بە شانۆگەری (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات) بەشداری ڤیستڤاڵی بەرێوبەرایەتی  شانۆم کردووە، هەر بۆ بەرێوبەرایەتی شانۆ تائێستا ئەم شانۆگەریانەم دەرهێناوە "لیدی ماکبێس، عەبا، یادەوەری جەستە" ئەوە ساڵێکیشە لە کەرکوك لەو شارەی شانۆکارانی هەولێر داوایان لێ دەکەین وەکو بینەر بێن سەیری کارەکانمان بکەن جورئەت ناکەن ئێمە لەوێ (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك) مان دامەزراندووە و لەماوەی ئەم ساڵەدا لەوێ لەو تیپە ئەم شانۆگەریانەم دەرهێناوە "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەروانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا" ئێستاش سەرقاڵی پرۆڤەی (هاملێت)ین ئەوە جگە لەوەی گۆڤاری تیپەکەمان بەناوی (شانۆکار) لەژێر چاپدایە کە هەروەکو شانۆگەریەکانمان بەتوانای خۆمان هاتۆتە بەرهەم توانای ماددی هیچ شوێنێکی پێوە نیە، دواتر تێناگەم بۆچی دەبێت هەمیشە هەوڵی شانۆکارانی کەرکوك لەدەرەوەی هاوکێشەکاندابن، ئەوە لەکاتێکدا چەندان شانۆکار و گروپی شانۆیی چالاك هەمیشە بەتوانایەکی کەمەوە سەرقاڵی شانۆن، بێباك لەو دۆخە ترسناکەی تیرۆریزم، هەق وابوو لەبڕی ئەوەی خەڵات بدرێت بە کەسێك کە

بەڕێکەوت ڕێی کەوتبێتە شانۆ ئەو خەلاّتە بدرابوایە بە کەسانی وەکو (کارگەر جەواد) کە بۆ پرۆڤە رۆژانە  لە (دوبز) ەوە دێتە (کەرکوك) کە نێوان ئەو رێگایە شوێنی و مۆڵگەی تیرۆریستانە کەچی خەڵکانی وا لەپێناو شانۆ بێباکن لە گیانی خۆیان. ئێستا با لە خەڵکانێك بپرسین،  کە سەردەمانێکی زۆرە لە شانۆ دوورن و ئەمرۆ ڕێزیان لێنراوە، ئایا ئێوە لە خۆتان تەریق نابنەوە کاتیٚ خەلاّت دەکرێن، تۆ تەنها بەناو شانۆکاری دەنا کوا کارەکانت؟ پرۆژەکانی تۆ ئەمرۆ چین؟ تۆ دەنگت لەناو ڕابردوودا تۆزی گرتووە.. گرگن شانۆکان چۆڵن خەلاّتی چی وەردەگری، شەرم داتبگریٚ، ئەو خەلاّتە بشکێنە، هاواربکە  با لەهۆڵی شانۆ کۆببینەوە، بیر لەوە بکەینەوە چی بکەین؟ چۆن دەست پێبکەینەوە، دیارە ئەوە بۆ ئێوە  نەك بۆ من، چونکە من بەردەوامم لە شانۆ دانەبڕاوم،لەهەر شوێنێك بم لە هەولێر یا کەرکوك کاری یەکەمم شانۆیە، دوای ئەو بیر لە ژیان دەکەمەوە، ڕێك بە پێچەوانەی تۆ  کاری یەکەمت ژیان و دەست پان کردنەوەیە لە حزب دواتر ناوی شانۆکارت وەك پیشە بۆماوەتەوە، تۆ کە لەکۆبوونەوە حزبیەکان ئامادەیت، هەموو تەمەنت یەکجار جورئەت ناکەیت بڵێیت (نەخێر) هەر سەرلەقاندن بە شتە، خەلاّتەکەشت خەلاّتی ملکەچیتە بۆ حزب..  پیاوی بچووك بۆیەکجار سەیری ئاوێنە بکە و لەوێنە تێکشکاوەکەی خۆت تەریق بەوە، گرگن شانۆ نەماوە خەلاّتی چی وەردەگری، ئاخر کامانەن داهێنانەکانت، تۆ لەخۆت نەپرسیووە تۆ داهێنەر نیت گرگنیت کەی تۆ شانۆکار بوویت تا داهێنەربیت، بڕۆ سەردانی بەڕێوبەرایەتی شانۆ بکە و پێیان بڵیٚ بەهەڵە خەلاّتتان دا بەمن ئەو خەلاّتە بدەن بە داهێنەرانی وەکو (شەماڵ عومەر، دانا رەئوف، نیگار قەرەداغی، میدیا رەئوف، هۆرێن غەریب، کامەران رەئوف، رزگار ئەمین، کاسترۆ مەجید) ئەوسا یا بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی کە کاری خۆتە جا ڕاپۆرت نووسی حزبیت یا هەر کارێکی ترت هەیە، خۆ ئەگەر خۆشت بە شانۆکار دەزانی و دەتەویٚ لە شانۆدا کار بکەیت برۆ یەکێك لە هۆڵە چۆلەکانی شانۆ کرنۆش بۆ تەختەکەی ببەو نوێژی عیبادەت بۆ شانۆ بکە تا ڕێگاکە دەدۆزیتەوە، بەلاّم گومانم لەوە هەیە تۆ بەو ڕادەیە بتوانی ئارامگربیت، بۆیە واباشترە خەریکی فلمی سکرین بیت لە بۆنەکاندا لەریزی یەکەم دانیشەو ناوت هونەرمەندە.. چاو سوورکەوە لەوانەی هەرەشەن بۆسەرت، شەوان کە لەمەیخانەکان بەسەرخۆشی دێیتەوە راپۆرتە جاسوسیەکەت لەسەر شانۆکارە جدیەکان بنووسە لەژێر بالیفەکەتی دانیٚ تا بەیانی بیرت نەچێت، بنوو ئەی هونەرمەندی مەیخانەکان شەوت شاد .. خەلاّت و ڕێزلێنانت پیرۆز